The CENTER for VICTIMS of TORTURE

# پاڵپشتیکردنی ڕزگاربووان و کۆمەڵگاکانیان لە ٢٦ی حوزەیران

لەلایەن دکتۆر سایمن ئادەمز، سەرۆک و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری
سەنتەری قوربانیانی ئەشکەنجە (CVT)
٢٦ حوزەیران ٢٠٢٤

ئەمڕۆ، ٢٦ی حوزەیران، ڕۆژی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ پشتیوانیکردن لە قوربانیانی ئەشکەنجە. ساڵانە لە ڕێکخراوی (CVT)دا، ئێمە هەڵوەستەیەک دەکەین بۆ دەربڕینی پاڵپشتی و هاوسۆزیمان بۆ هەموو ڕزگاربووانی ئەشکەنجە و خێزان و کۆمەڵگاکانیان لە سەرانسەری جیهاندا. ئەم یادە دەکەینەوە بەبۆنەی ئەوەی کە لەم ڕۆژەدا لە ساڵی ١٩٨٧، ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئەشکەنجە و مامەڵە یاخود سزای درندانە و نامرۆڤانە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە بەڕوونی دان بەوەدا دەنێت کە ئەشکەنجە تاوانێکە دژی هەموو مرۆڤایەتییە و لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکدا نایاساییە.

سەرەڕای ئەم قەدەغەکردنە جیهانییە، ساڵی ڕابردوو کۆمیسیاری باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) ڕایگەیاند کە زیاتر لە ١١٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا هەن کە بە زۆر لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون، زۆربەیان لە ئەنجامی ئەشکەنجە و ململانێی چەکداری و ڕاگواستن.

ڕێکخراوی CVT لە هێڵی پێشەوەی ئەم قەیرانە جیهانییەدایە، وە بەردەوامین لە پشتگیریکردنی ڕزگاربووان لەکاتێکدا دووبارە ژیانیان بنیات دەنێنەوە. بۆ نموونە، لە ویلایەتی ئەریزۆنا لە نزیک سنووری باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئێمە پشتگیری ئەو کەسانە دەکەین کە لە وڵاتی خۆیان هەڵهاتوون بۆ داوای پەنابەری لە ئەمریکا. هەروەها لەم دواییانەدا دوو پرۆژەی تایبەتی نوێمان لە ئەتڵەنتا لە ویلایەتی جۆرجیا و سانت پاوڵ لە ویلایەتی مینیسۆتا کردۆتەوە، کە تایبەتن بە پشتگیریکردنی ئەو پەنابەرانەی لە ئەفغانستانەوە هاتوون و لە دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی تاڵیبان ڕزگاریان بووە.

لە کینیا، پەنابەران و پەناخوازان – کە ژمارەیەکی زۆریان کەسانی (ئێڵ جی بی تی کیو+)ن کە لە ترسی ڕاوەدوونان و بە یاساییکردنی هۆمۆفۆبیا لە ناوچەکەدا هەڵاتوون – دێنە لای ئێمە بۆ چاودێری چاکسازی. لە ئەسیوپیا، ئێمە چاودێری پێشکەش بە پەنابەرانی ئێریتریا و باشووری سودان، هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە لە ناوخۆدا ئاوارە بوون کە ژیانیان بەهۆی شەڕی چەکداری ئەم دواییەی تیگرایەوە تێکچووە. وە لە ئۆفیسەکانمان لە عێراق و ئۆگاندا، ستافی CVT یارمەتیدەرن بۆ پەرەپێدانی تواناکانی پیشەگەرە مرۆییەکانی تر کە شانبەشانی ئێمە کاردەکەن لە بوارەکانی چارەسەرکردن و دادپەروەری.

لە ئوردن، ئەم هەشت مانگەی ڕابردوو ئازارێکی قووڵی دروستکردووە، چونکە شەڕی ئیسرائیل و حەماس بووەتە هۆی گیانلەدەستدانی دەیان هەزار کەسی مەدەنی و زیانێکی مرۆیی لە خەیاڵ بەدەر. تیمە ناوازەکەمان کە زیاتر لە دە ساڵە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چارەسەرکردن بۆ پەنابەرانی سوریا و شوێنەکانی دیکە گێڕاوە، جەختیان لەوە کردەوە کە ئاشتی بەردەوام پێویستی بە خێزان و کۆمەڵگاکان دەبێت بۆ چارەسەرکردنی زەبری دەروونی بەکۆمەڵ. ئێمە ئامادەین بۆ هاوکاریکردن.

لە کۆتاییدا، ئەمڕۆ ڕێز و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ڕزگاربووان و خانەوادەکانیان دەکەین. لەم ڕۆژە جیهانییەدا بۆ پشتیوانی لە قوربانیانی ئەشکەنجە، لەگەڵیان دەوەستین. هەمووان دەزانن کە داهاتوو هی دیکتاتۆر و تاوانبارانی جەنگ و کەسانی ئەشکەنجەدەر نییە. هی ئەو کەسانەیە کە ئامادەن لەپێناو کەرامەت و دادپەروەری و مافی مرۆڤ بوەستنەوە.